www.kurdistannet.org
24-2-2007 16:58 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## مانگرتن و ئیرادەی بە هێز ... هەستیار غەمگین

Hastiar2006@yahoo. com



سێ هەفتە بەر لە ئێستا کاتی خوێندکارانی (کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی) زانکۆی سلێمانی هاتنە بەردەم سەرۆکایەتی زانکۆ و دەستیان دایە مانگرتن، کە پێشتریش سێ هەفتە لە دەرەوەی بەردەم سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی مانگرتنەکەیان درێژەی کێشابوو. بەهۆی ئەوەی من ڕێگام لەسەر شەقامی مەولەوییەو هەموو ڕۆژێك چەند جارێك بە بەردەم ئەو کۆمەڵە خوێندکارەدا ڕەت دەبووم و دەبم، وام دەزانی وەکو تەواوی ئەو گەنجانەی تر کە لە ڕابردودا خۆپیشاندان و مانگرتنیان ساز دەکرد وایە دوای ماوەیەکی کەم مانگرتنەکەیان دەشکێنن و دەگەڕێنەوە بۆ سەر کارەکەیان، یاخود بە دیوێکی تردا مانگرتنەکەیان پێ دەشکێنرێت و وایان لێدەکرێت بچنەوە سەر کارەکەیان و ناو هۆڵەکانی خوێندن.

بەڵام من لەو بۆچونەمدا بەهەڵەدا چووم، لەبەرئەوەی ستایلی مانگرتنی ئەم کۆمەڵە گەنجە زۆر جیاوازبوو لەو گەنجانەی کە بەبی بەرنامەو ئامانج لە دەرئەنجامی بەرزبوونەوەی کەف و کوڵی ڕقی خۆیاندا دەڕژانە سەر شەقام و جامی ئۆتۆمبێل و فەرمانگەیان دەشکاند و شەقامەکانیان پیس دەکرد، کە زۆر جار بە هاتوو هوتی منداڵان گەرم دەکراو دواتر کە هێزەکانی ناوخۆ دەڕژانە ناویانەوە تەنها گەنجەکان دەمانەوەو مناڵەکان ڕایان دەکرد. هەڵبەت ناشمەوێت بڵێم ئەو گەنجانە لە خۆڕا کاری وایان دەکرد و هەمان گوتەزای حکومەت دوبارە بکەمەوە، بەڵام هەر کارێك ئامانجی لەپشتەوە نەبوو زوو کۆتایی پێدێت.

وەلی ئەم کۆمەڵە خوێندکارەگەنجە لەبەرانبەر هێنانەدی مافەکانیان و بەجێ هێنانی داخوازییە ڕەواکەیان بەیەك دەنگ و یەك هەڵوێست و بە ئیرادەیەکی پۆڵاینەوە درێژەیان بەمانگرتنی خۆیانداوە.

ئەگەرچی ئەم کۆمەڵە خوێندکارە گەنجە نوێنەریان بەرەو پەڕلەمانی کوردستانیش چووەو چاویان بە عەدنان موفتی سەرۆکی پەڕلەمان کەوتووەو ئەویش بەڵێنی ئەوەی پێداون کە ئەو کێشەیەیان لەناو پەرلەماندا بوروژێنی، بەڵام چ لەلای سەرۆکایەتی خوێندنی باڵاو چ لەلای سەرۆکی زانکۆوە وەڵامی ئەرێنیان نەدراوەتەوە.

ئەوەی منی هاندا بۆ ئەوەی ئەم بابەتە لەسەر ئەم کۆمەڵە گەنجە بنووسم کەخۆیشم وەکو گەنجێکی ئەم شارە هەژمار دەکەم و دواتریش وەکو ئەرکێکی پیشەیی کە ڕۆژنامەنووسیە، بوونی ئەو ئامانجە بوو کە لەپشت ئەو مانگرتنەی ئەو کۆمەڵە گەنجەوە هەیەو دواتریش شێوازو ئاڕاستەی مانگرتنەکەیە کە ئەمیشیان گرینگە.

هەر مانگرتنێك ڕێگای مەدەنیانەو دیموکراسیانەی تیا گیرایە بەرو دوربوو لە توندو تیژی و کاری نابەجێ، ئەوە گریمانەی لە 100% ی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە مسۆگەر دەکات.

ئێوەش ئەی گەنجە بوێرو چاونەترس و خوێن گەرمەکانی (کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی) ئەی ئەو نەوەیەی کە گیانی مەدەنیەت و ریفۆرم لە ناخی هەر تاکێکتاندا چەکەرەی کردووە، دڵنیابن ڕێگای بەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکەتان ون نەکردووە ئەو پەیامەی هەڵتان گرتووەو بەرزتان کردوەتەوە، پڕاو پڕە لە پڕەنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئێوە ئەی لاوانی ئیرادە پۆلاین سەلماندتان کە پەروەردەی خوێندنگای دیموکراسین و ڕەگەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە فیکرو باوەڕتاندایە.
ئەو مەشخەڵە پڕ لە ڕووناکییەی لەبەرانبەر ئەشکەوتی بێدەنگی کار بەدەستانی کوردیدا بەرزتانکروەتەوە، دەرئەنجام ڕووناکایی هیواو ئاواتی ئێوەو تەواوی گەنجانی کوردیی مسۆگەر دەکات.
دەنگی (مان مان مانە گرین هەتا وەلام وەر دەگرین) ی ئێوەی گەنج، دەنگی حەزین و سوزناکی تەواوی گەنجانی کوردی یە، مانگرتن و نارەزایی ئێوە سەرەتایەکە بۆ مانگرتنی تەواوی گەنجە فەرامۆشکراوەکان، کەبەدەست سادەترین پێداویستی ژیانەوە دەناڵێنن.
وەلام نەدانەوەی داخوازی ئێوە، داخستنی دەرگای دیموکراسی و کردنەوەی دەرگای تۆتالیتاریەت و دیکتاتۆریە، بەجێ نەهێنانی داواکانی ئێوە، بە جێ نەهێنانی داوای تەواوی هاولاتیانە لەلایەن حکومەتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.